www.ruk2691.org

# ( ٥٧ ) هەمین ساڵیادی لە سێدارەدرانی پێشەوا

رۆژی 10ی خاکەلێوە وەبیرهێنەرەوەی یەکێ لە رۆژە هەرە ناخۆشەکانی نەتەوەکەمانە لەنیو سەدەی رابردوودا . لە 10 ی خاکەلێوەی ٥٧ ساڵ لەمەوبەر ، ساڵی 1326 ی هەتاوی ، 1946 ی زایینی ، پێشەوای کورد و سەرۆکی جمهوری کوردستان قازی محەممەد دەگەڵ براکەی سەدری قازی و ئامۆزاکەی محەممەد حسین خان سەیفی قازی لە مەیدانی چوار چرای ئەو شارە ، هەر ئەو شوێنەی کە ساڵێك پێشتر چرای کوردی لێ هەڵکراو دامەزراندنی جمهوری کوردستانی لێوە راگەیاند ، لە سێدارە دران . بە دوای ئەوەدا ، ژمارەیەك لە کاربەدەستان و پشتیوانانی کۆمار لە شارەکانی بۆکان و سەقزیش لە لایان دادگای نیزامیەوە حوکمی سێدارەیان بەسەر دا سەپێنرا .

پێشەوا قازی محەممەد بە دوای هێرشی ئەرتەشی شادا بۆ کوردستان و داگیرکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ، بەونیازەی کە بە دەستەوەدانی خۆی پێش بە خوێن رێژی دەگرێ ، خۆیدا بە دەست فەرماندەی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمنەوە . بەم جۆرە پێشەوا بۆ پارستنی خەڵکی کوردستان لە تۆڵە کردنەوەی رێژیم و سەرانی ئەرتەشی شا خۆی وەلاناو گیانی لە مەترسی هاویشت .

فەرماندەی هێزە داگیرکەرەکەی دوژمن بە مەبەستی نەشڵەژانی بارودۆخەکەو هێمن مانەوەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و مهابادی پایتەخت بە تایبەتی ، بەڵێنی بە پێشەواو خەڵك دا کە گیانی قازی محەممەد لە ئەماندا دەبێ . بەڵام هەر کە هەلی بۆ رەخساو بە تەواویی دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرت وەك هەمیشە بێ بەڵێنییان کرد و قینی رەشی خۆیان بە پێشەواو هاورێکانی رشت . قازی و هاورێکانی لە دادگایەکی فەرمایشی و ناعادلانەدا ، محاکەمە کران . بە رێوەبەرانی ئەو دادگا ناڕەوایە ، زۆریان حەوڵدا پێشەوا ئەو بەڵێن و پەیمانەی لە 2 ی رێبەندان دا بە کوردی دابوو بشکێنێ ، پشت لە گەلەکەی و ئاوات و ئامانجەکانی بکا . دیارە ئەگەر بەوجۆرەشی کردبایە رەنگ بوو حوکمەکەی سووك بکەن و لە مەرگ رزگاربێ . بەڵام قازی محەممەد ، ئازایانە بەرگری لە خۆی و مافەکانی میللەتەکەی کرد و بە کوردستان و کورد و کۆمار وەفادار مایەوە .

قازییەکان لە لای خەڵکی سابلاغ زۆرخۆشەویست و لە بەرزترین پلەی رێزو حورمەتی کۆمەڵایەتی دا بوون . دوژمن زاتی ئەوەی نەبوو لەبەرچاوی خەڵك بیانکوژێ . بۆیە تاوانی لە سێدارەدانی سەرکردەکانی کۆمار لە کاتێکدا بەرێوەچوو کە خەڵکی شار لە شیرین خەودا بوون . بەو حاڵەشەوە

**شەقام و کۆلأنەکانی دەور و بەری چوارچرا لە لایەن هێزی دوژمنەوە تەنرابوون. دوژمنـانی کـورد ، هەمیشە کورت بینانە وایان زانیوە بە کوشتنی سەرکردەکانی کـورد ، کێشـەی کوردیـان لـە کـۆڵ دەکەوێ و تاهەتایە لەو سەر ئێشەیە رزگاریان دەبێ . نەزانانە پێشیان وا بووە ئەم کێشـەیە کێشـەی سەرکردەیەکەو بەس . وەك بڵێی قەت جارێك لـە جـاران مێـژوویان نەخوێندبێتـەوە و شـارەزاییان لەسەربردەی ئەم کوردە نەبووبێ . بۆیە ، لە سێدارەدانی پێشـەوا ، هەرچـەند خەسـارێکی گـەورە و ستراتیژی بوو لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەوت بەڵام قەت خەونی شاو ڕێژێمەکەی و سـەرجەم دوژمنانی کورد وەڕاست نەگەڕان .**

**قازی محەمەد بەشەهید بوونی بووە قارەمانێکی نەتەوەیی و سەمبولێك لە خـەبات و بـەرخۆدان ، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لە شێوەی جـۆراو جـۆردا ، لـە زەمـین و زمـانی جیـاوازدا درێژەی بەخەبات داو خۆ ئەگەر بەهۆی بارودۆخی‌نێونەتەوەییەوە هەموو جارێ تووشی شکان و گـلان و نوچدان بووبێ ، نەتەوەی کورد ئەو شانازییەی هەیە کە قەت تەسـلیمی زوڵم و زۆری داگیرکـەران نەبووە و بەردەوام لە بەرەنگاری و خەبات دا بووە و بوونی خـۆی وەك نەتەوەیـەك بەهـەر نرخێـك پاراستووە . مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنانەت ئەو مێژوەش کە زۆرتر دوژمنان و ناحەزانی کـورد تۆماریان کردوە شایەتی ئەوە دەدەن کە کورد بۆ پاراستنی خۆی و لە پێنـاوی رزگـار بـوون دا بـێ پسانەوە لە بەرەنگاری و شەڕ و پێکداادان دەگەڵ دوژمنەکانی دا بووە .**

**ئەمڕۆ پاش ٥٧ ساڵ لە سێدارە درانی پێشەوای شەهید ڕۆڵەکانی نەتەوەکـەمان لەسـەر نـەریتی بەرەنگاری و کۆڵنەدان سوورن و لە ئاکامی خەباتی دوورو درێژی گەلەکەمان و فیداکاری و خوێنی ڕێبەرانی شەهیدمان کێشەی ئەم نەتەوە زۆر لێکراوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چوارچـێوە تەسـك و لـە قالـب دراوەکـانی ترازانـدوە و بۆتـە کێشـەیەکی نێودەوڵـەتی و جێگـەی بایـەخی کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیی.**

**هەزاران سڵاو لە گیانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی.**